# هێزی لێبووردن

## تێبینی

بۆ خزمەتکردنی خوێنەرانی بەڕێز و بۆ سودبەخشینی گشتی ، ئەم کتێبەمان کردە دوو بەش:
بەشی یەکەم هەموو چیرۆکەکان بە زمانی کوردی بەخۆیەوە دەگرێت ، هەروەها بەشی دووەم بە زمانی عەرەبیە

**www.musamaha.com**

# قوة المسامحة

## تنويه

خدمة لقرائنا الأعزاء، و لتعم الفائدة على الجميع، فقد قمنا بتقسيم هذا الكتاب الى جزئين:
الجزء الأول يحتوي على جميع القصص باللغة الكردية، ويليه الجزء الثاني الذي يحتوي عليها باللغة العربية

# پێشەکی

## لێبوردن چیە ؟

### ئەو شتانەی کە لێبوردن نین :

ـ لێبوردن لەبیرکردن نیە .. چونە دەکرێ نەبورین .. بەڵام بەهۆی لەبیرکردن هەوڵ بدەین چاوپۆشی لە یادگاریەکانی ڕووداوە ئازاربەخشەکان بکەین.
ـ ئەوە نیە کە وا دەریبخەین گوایە بریندار نەبووینە .. چونکە لە کاتی ڕووداوەکە ئازاری ڕاستیمان کێشاوە.
ـ ئەوە نیە بڵێین : " کردەوەی ئەو کەسەی کە خراپەی بەرامبەرمان کردووە ڕاست بووە " وەکو ئەوە بێ ڕێگەی پێ بدەین دووبارە بریندارمان بکات.
ـ لێبوردن ئەوە نیە کە دەبێ دیسان متمانەمان هەبێت بەو کەسەی کە خراپەی بەرامبەرمان کردووە .. چونکە هەندێك کەس جێگەی متمانەبەخشین نین .. دەکرێ لێبوردە بین و متمانەشمان نەبێت.
ـ بەو مەرجە نیە ئەو کەسە کە خراپەی بەرامبەرمان کردووە بگۆڕێت.
ـ نابێ داوای تۆڵەسەندن بکەین.
ـ بەخشین هەست نیە .. بەڵکو بڕیارێکە بەرەو چاکە .. بەشێوەیەك ببێتە ڕێگا یاخود سیفەتی ژیانمان .. هەروەها نیاز و کردەوەی کەسانی دیکە کاریگەری نابێت لەسەر نیاز و کردەوەکانمان .

### ئەم شتانە لێبوردنن :

ـ حەزی ڕاستی مرۆڤە بۆ ئەوەی لە بازنەی توندوتیژی دەربچێت .. وەکو خراپەکاری و گلەیی دوولایەنە .. هەروەها ڕێگا دەکاتەوە بۆ ئاشتبوون و چاکبوونەوەی پەیوەندییەکان.
لێبوردن بڕیارێکە دەیدەین .. کە واز بهێنن لە تاڵیی نێو ناخمان و لە مافی سروشتی خۆمان لە وەرگرتنی داوای لێبوردن.
دوو خاڵی گرنگ هەن :
أ ـ لێبوردن ئاسانترە لای ئەو کەسانە کە هەست بە ئاسوودەیی دەروونی دەکەن و متمانەیان بە خۆیان هەیە ..
بەپێچەوانەی ئەو کەسانە کە ئاسوودەیی ناخی خۆیان لەدەست داوە.
ب ـ هەرچەند زیاتر بەخشین و میهرەبانی خودا بۆ ئێمەی ئادەمیزاد تێبگەین .. ئەوەندە بە ئاسانی دەتوانین لە کەسانی دیکە ببورین.

## بۆ ئەوەی لێبوردن تەواو بێت دەبێ دوو مەرج هەبن :

أ ـ داوای لێبوردن .. ئەو کەسەی کە خراپەی بەرامبەر ئەنجام دراوە زیاتر ئامادە دەبێت بۆ لێبوردن ئەگەر خراپەکار داوای لێبوردنی ڕاستەقینەی لێ بکات . چونکە لێبوردن قورستر دەبێت ئەگەر کەسی خراپەکار بیانو بلێتەوە سەبارەت بە خراپەکەی خۆی.

ب ـ ئەو کەسانەی کە دەتوانن هۆکار و پاڵنەری سەرەکی بزانن کە وای کردووە خراپەکار ئەو دەستدرێژیە بکات ئەوانە بەئاسانتر لێبوردن ئەنجام دەدەن.

## لێبوردن بۆ چیە ؟

أ ـ لێنەبوردن گرفتی دەروونی دیکە لەگەڵ خۆی دەهێنێت ( تووڕەیی .. کینە .. ڕق .. خەمۆکی .. پەژارە ) زیادبوونیشی ڕەنگە ئازاری جەستە بدات و ببێتە هۆکاری نەخۆشیە دەرون ـ جەستەییەکان .. وەکو بەرزبوونی فشاری خوێن و برینی گەردە یان ئاوسانبوونی جومکەکان یان تەنانەت ئازارەکانی پشت و سەر . جگە لە کێشەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکی بریندار لێ دەبێتەوە . لێنەبوردن ڕەگی کێشە دەروونیەکانە و کاریگەری هەیە لەسەر بیر و ڕەفتاریش.

ب ـ لەپێناوی سوودی خۆمان لێدەبورین .. چونکە بیرکردنەوەیەکی هەڵە هەیە کە گوایە لە لێبوردن لایەنی تاوانبار سوودمەندە.. بەڵام لەڕاستیدا لێبوردن بۆ سوودی خۆمانە .. چونکە لە کۆتی کەسی تاونبار ئازادمان دەکات .. وە تاکو نەچینە نێو گرفتێکی دەرونی ترەوە .. هەروەها بۆ ڕاگرتنی بازنەی توندوتیژی یاخود تۆڵەسەندن.

ج ـ لێبوردن لاوازی نیە بەڵکو هێزە .. چونکە چاکە لە خراپە بەهێزترە.

د ـ لەبەر ئەوەی خودا لەگوناهی ئێمەی ئادەمیزاد خۆش دەبێ و داوامان لێ دەکات ئێمەش لە گوناهی خەڵك خۆش بین.

* پێویستیمان بەوە هەیە کە ئازارەکانی ڕابردوو پاك بکەینەوە ( ببورین ) تاکو بتوانین بەرەو ژیانێکی باشتر برۆین .
هەرچەند زیاتر بەخشین و میهرەبانی خودا بۆ ئێمەی ئادەمیزاد تێبگەین .. ئەوەندە بە ئاسانی دەتوانین لە کەسانی دیکە ببورین.

* خۆ قبووڵ نەکردن یان لە خۆ نەبوردن ڕەگی بنەڕەتیە کە کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێوە دەردەکەوێ .. هەروەها بەردی تەگەرەیە کە ڕێگیریمان لێ دەکات لەوەی خەڵکی قبووڵ بکەین و لێیان ببورین.

## لێبوردن

لێبوردن واتە بڕیاردانی وازهێنان لە مافی ڕاستەقینە خۆمان .. هەروەها وازهێنان لەو شتانە کە ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین .. بۆ ئەوەی پەیوەندیمان چاك ببێتەوە لەگەڵ ئەو کەسە کە خراپەی بەرامبەرمان ئەنجام داوە.

کاتێ لە کەسێك دەبورین ئیتر حەزی تۆڵەسەندمان نامێنێت . لە لێبوردن .. ئێمە ڕەفتاری کەسی تاوانبار پشتگوێ ناخەین .. بەڵام بۆی دەردەخەین کە ئێمە ( حەز دەکەین لە بازنەی خراپە و گلەیی دوولایەنە دەربچین ) ئەوەی بوار دەکاتەوە بۆ ئاشتبوون و چاککردنی پەیوەندی.

هەمیشە ئاسان نیە لە کەسێك ببورین .. توانای لێبوردنیش لای خەڵك جیاوازە . چونکە ئەو کەسانە کە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن زیاتر توانای لێبوردنیان هەیە لەو کەسانەی کە ئاسوودەییان لەدەست داوە بەهۆی حەزی کشانەوە واتە دوورکەوتنەوە لە پەیوەندیە نزیکەکانی کۆمەڵایەتی.

کەسە ئیجابیەکانی تا ڕادەیەك بە ئاسانی لەخەڵك دەبورن . ڕەنگە لەبەر ئەوەی لە کەسانی دیکە باشترن لە جیاکردنەوەی تووڕەیی و لە گلەییکردن .. ئەوان بەرپرسیارێتی هەڵەکە دەخەنە سەر لایەنی تاوانبار بەڵام بەبێ ئەوەی بکەونە شوێن هەستی تووڕەیی و دوژمنایەتی بەرامبەری . ئەم ڕەفتارەش زەحمەتە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن قبووڵی خۆیان بکەن چونکە ناتوانن قبووڵی خەڵك بکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوش دا لێبوردن پێویستی بە هەوڵدان هەیە .. بەڵام بە بوونی دوو شتی گرنگ ئاسانتر ڕوودەدات :

یەکەم داواکردنی لێبوردن .. قبووڵکردنی لێبوردن چونکە ئەو کەسەی دەستدرێژی کراوەتە سەر زیاتر ئامادەیە بۆ لێبوردن ئەگەر لایەنی خراپەکار دان بە هەڵەی خۆی بنێت و بە ڕاستی داوای لێبوردن بکات.

لای لایەنی دیکەش لێبوردن زەحمەت دەبێت ئەگەر بێت و داواکردنی لێبوردن ڕاستەقینە نەبێت .. یان ئەگەر لایەنی تاوانبار داوای بەزەیی بکات و بپاڕێتەوە.

ئەگەر خراپەمان بەرامبەر کەسێك کرد .. بەشێوەیەك کاریگەری بکاتە سەر پەیوەندیمان .. باشتر وایە بزانین کە ڕەفتارمان هەڵە بووە و بڕۆین بۆ لای ئەو کەسە و داوای لێبوردنی لێ بکەین.

بەڵام دووەم شت لە لێبوردن بەزەییە. ئەو کەسە کە بتوانێ هۆکاری ڕەفتاری کەسی تاوانبار بزانێت و توانای هەبێت هەست بە بەزەی یان سۆز بکات ئەوا توانای زیاتری هەیە بۆ لێبوردن لەو کەسە زیاتر کە کەم بەزەییە.

هەروەها ڕێژەی لێبوردن زیاتر دەبێت لەو پەیوەندیانەی کە پابەندن لەوەی کەپابەند نین . ئەوەش بەهۆکاری ئەوەی کە بەزەیی بە ئاسانی ڕوو دەدات و کەسی تاوانبار زیاتر داوای لێبودن دەکات.

زۆر دەگمەنە کە سزادان چارەسەری کێشە بکات و دووبارە پەیوەندیەکان بگەڕێنێتەوە بەڵام لێبوردن دەتوانێت . ئەو کەسانەی کە دەتوانن لە نزیکەکانی خۆیان خۆش بن وەکو هاوسەرەکانیان .. ئەوانە دەروونێکی تەندروستی باشتریان هەیە .. واتا تاقیکردنەوەی بەهای خۆیی بەرزتریان هەیە .. هەروەها بە ئاشتیەکی زیاتر دەژین .. قەناعەتی باشتریان هەیە لە ژیان و نیگەرانیەکی کەمتر .. بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە بە زەحمەتی دەژین و ناتوانن ببورن. بێگومان لە نێو پەیوەندیە نزیکەکان لێبوردن زیاتر ڕوو دەدات و سوودی زیاترە لە تۆڵەسەندن. لێبوردن سێ ئاڕاستەی هەیە .. بەرامبەر خەڵك .. بەرامبەر خود .. هەروەها ڕاوەستان لە ئاڕاستەکردنی گلەیی بەرامبەر خودا.

* دوو برادەر هەبوون لە بیابان دا ڕێیان دەکرد .. لەکاتی ڕێکردنیان دا ناکۆکیەك کەوتە نێوانیان ..یەکێکیان زیللەیەکی دا لەوی تر .. برادەرەکەی ئازاری پێ گەیشت .. بەڵام هیچ قسەی نەکرد .. بەڵکو لەسەر لم نووسی " ئەمڕۆ ئازیزترین برادەرم زیللەی لێ دام " .. جا بەردەوام بوون لە ڕێکردنیان .. گۆماوێکیان بینی بریاریان دا تیایدا مەلەبکەن .. بەڵام ئەوەی زیللەی لێ درا خەریك بوو بخنکێت لەناو ئاوەکە .. برادەرەکەی خێرا ڕزگاری کرد .. کاتێ هاتە هۆش .. لەسەر بەردێك نووسی " ئەمڕۆ ئازیزترین برادەرم ڕزگاری کردم " جا برادەرەکەی پرسیاری لێ کرد : " بۆچی کاتێ زیللەم لێ دای لەسەر لم نووسیت !! .. بەڵام کاتێ ڕزگارم کردی لەسەر بەرد نووسیت ؟! " ئەوەیش زەردەخەنەیەکی کرد و وەڵامی دایەوە : " کاتێ برادەرانمان بریندارمان دەکەن دەبێ ڕووداوەکە لەسەر لم بنووسین .. تاکو بای لێبوردن بیکوژێنیتەوە .. بەڵام کاتێ برادەر شتێکی جوان و ناوازە ئەنجام دەدات .. دەبێ لەسەر بەرد هەڵی بکۆڵین تاکو لە یادگاریەکانی دڵ بمێنێتەوە کە بای تیادا نیە بیکوژێنیتەوە "

لێبوردن کارێکی هاوبەشە نیشانەی ئاسانکاری و نەرم و نیانی و قبوولکردنە .. لە واتای هاوچەرخیش نیشانەی قبوولکردنی جیاوازی خەڵکە.





## پسپۆڕی دەروونناسی و کۆمەڵناسی دەربارەی ئەم بابەتەوە دەڵێ :

سروشتی مرۆڤ پێچەوانەی لێبوردنە .. چونکە ـ بەپێی کتێبی پیرۆز ـ لە ناخی مرۆڤ بیری بەدکاری و هەموو حەزێکی خراپە و توندوتیژی هەڵدەقوڵێت . بەڵام کاتێ خودا فەرمانمان پێ دەدات لێبوردە بین بێگومان ئەوە باشترە بۆ مرۆڤ چونکە خودا دەیەوێ ئەم سروشتە بگۆڕێت . کاتێ مرۆڤ شتە ئیجابیەکانی لێبوردن تێبگات ئەو کاتە بە ئاسانی دەتوانێ لێبوردن ئەنجام بدات.

## پیاوێکی ئایینی ئیسلام دەڵێ :

ئامانجی پەیامی هەموو پێغەمبەران ڕەوشت و مرۆڤایەتی و خۆشەویستیە " لە هەموو ئومەتی ئیسلام.

## پیاوێکی ئایینی مەسیحیش دەڵێ :

بابەتی گوناهبەخشین لە گۆشە سەرەکییەکانی باوەڕی مەسیحیە .. لە پەیمانی نوێ عیسای مەسیح دووپاتی دەکاتەوە کاتێ وتاری سەر چیای دەوت .. باس لە زۆر شتی کرد .. وەکو ڕۆژووگرتن و پارەبەخشین بەڵام بەتایبەت باس لە نوێژکردنی کرد.

قوتابیەکانی خۆی فێرکرد چۆن نوێژ بکەن .. نموونەی نوێژیکی هێنا کە هەموو مەسیحیەکان دەیڵێن ( نوێژی خوداوەند ) کە فێری قوتابیەکانی خۆی کرد .. وە هەموو کڵێساکانیش بە متمانە و باوەڕ دەیڵێنەوە .. ئەم نموونەیە تەنها وشە نیە بەڵکۆ بۆ پەیڕەوکردنە.

کاتی عیسا قوتابیەکانی خۆی فێرکرد دەستەواژەیەکی وت کە هەموو مەسیحیەکی ئەمڕۆ دەیڵێتەوە .. بەڵام ئایا جێبەجێی دەکات ؟ وتی : " ئەی باوکی ئاسمانیمان .... لە گوناهەکانمان خۆش بە . " بەڵام لای ئەم داواکاریە ڕانەوەستا .. بەڵکو لە نوێژی خوداوەند داواکاریەکی دیکەش هەیە " : نەمانخەرە نێو تاقیکردنەوە .. نانی رۆژانەمان بدەرێ " بەڵام کاتێ وتی : " لە گوناهەکانمان خۆش بە " بە دەستەواژەیەك تەواوی کرد : " وەکو ئێمە لە گوناهی ئەو کەسانە خۆش دەبین کە هەڵەمان بەرامبەر دەکەن ".

لێرەدا با ڕاوەستین و بیربکەینەوە .. مافی خۆمانە داوای نان لە باوکی ئاسمانیمان بکەین .. وە بمانپارێزێت لە تاقیکردنەوەکانی شەیتان .. بەڵام کاتێ پێی دەڵێین : " لە گوناهەکانمان خۆش بە " وەکو ئەوەیە بە باوکی ئاسمانی بڵێین : " لەگوناهەکانمان خۆش مەبە ئەگەر ئێمە لە گوناهی ئەو کەسانە خۆش نەبین کە هەڵەمان بەرامبەر دەکەن .. تۆش بەهەمان شێوە مامەڵەان لەگەڵ بکە وەکو ئێمە لەگەڵ مرۆڤەکانی هاوچەشنی خۆمان دەیکەین ".

لە باوەڕی مەسیحی خودا باوکی ئاسمانیە .. کاتێ مامەڵەم لەگەڵ دەکات منی بەندەی لاواز .. دەبینی تاوان و گوناهەم هەیە .. منیش دێمە بەردەمی و داوای تۆبە و لێبوردن دەکەم .. باوەڕی مەسیحیم پێ دەڵێ ئەم باوکە ئاسمانیە کە بەبەزەیی و میهرەبانە لە گوناهەکانم خۆش دەبێ .. بەڵام با بیربکەمەوە .. ئەی من چی بکەم لە پەیوەندیم لەگەڵ مرۆڤی هاوشێوەی خۆم ؟ کە من لەو بەرزتر نیم وەکو ئەوەی خودا لە من زۆر بەرزترە .. خودا دروستکەری منە .. ئەو دەتوانێ سزام بدات و دەتوانێ قبووڵم بکات یان رەتم بکاتەوە چونکە من دروستکراوەی ئەوم.

بەڵام پەیوەندیم لەگەڵ دروستکراوی دیکە ـ هەرچیەك بێت ـ لە مەزهەبی من بێت .. لە نەتەوەی من بێت .. لە ئایینی من بێت .. ئەو وەکو من دروستکراوەی خودایە .. کاتێ ئەو هەڵە بەرابمەرم بکات دەبێ من چۆن ڕەفتار بکەم ؟




## پیاوی ئایینی سابئی مەندائیش دەڵێ :

ئەو ڕێوڕەسمە ئاینیە کە مەندائی دەیکات .. بانگەشە دەکات بۆ گوناە بەخشین و داواکردنی بەزەیی بۆ هەمووان .. هەمیشە لە بوذنا دەڵێین ( ئەو ئایەتانەیە کە مەندائی هەیە ) " شافە خەطاین هوەیلێ ، شافە خەطاین هویلۆن " واتە گوناە بەخشین .. گوناە بەخشینیش تەنها بۆ مردووان نیە .. بەڵکو گوناهبەخشین بۆ مردووان و زیندووانە .. ئەم شتە جێگیر و پیرۆزە لە ئاینی مەندائی واتە گوناهبەخشین بۆ هەمووان. وە کاتی ڕوو لە خودا دەکەین و داوای گوناە بەخشینی لێ دەکەین ئەوا لە مێشك و دڵمانەوە هەڵدەقولێت.

* لێبوردن واتە ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی لێبوردەیی. بە چاکەش ناژمێردرێت ئەگەر مرۆڤ لێبوردە نەبێت.

## ڕای هەندێ کەس کە خاوەن ئەزموونی وەکو ئەم حاڵەتانەن دەربارەی ئەم بابتە :

تا چ ڕادەیەك دەبێ لێبوردە ببین ؟ ئەم پرسیارە وەکو ئەو پرسیارەیە کە پەترۆسی قوتابی مەسیح کردی .. وتی : " چەند جار براکەم هەڵەم بەرامبەر بکات و لێی ببورم ؟ ئایا تا حەوت جار ؟ " حەزرەتی مەسیح وڵامی دایەوە : "نەك تا حەوت جار .. بەڵکو تا حەفتا جار حەوت جار ".

لەم وەڵامادە بۆمان دەردەکەوێ .. کە لێبوردن شتێکی ئەستەمە چونکە دیارە بێ کۆتاییە. بەڵام ئەوەی لێبوردنمان لا سەخت دەکات بنەمای لێبوردن نیە .. بەڵام باش تێنەگەیشتنی بنەماکەیە . هەندێ کەس وا دەزانن ئەگەر بێت و خراپەکاریەکە ئاسان بکەین ئەوە لێبوردنە .. یان لەبیرکردن لێبوردنە .. بەڵام بەپێی دەروونناسی ئەو یادگاریە ئازاربەخشانە دەچێتە نێو قووڵایی مرۆڤەوە .. بەڵام ماوەیە جارێك دەردەکەوێت بەتایبەت ئەگەر خراپەکاریەکە زۆر ئازاربەخش بێت . هەروەها هەندێ جار ئێمە بیانوو دەدۆزینەوە بۆ کەسی تاوانبار .. بەڵام ئەوەش لێبوردن نیە.

* ئایینەکان زۆر گرنگیان داوە بە لێبوردن و بەخشین . وە ئایینی مەسیحی گرنگیی داوە بە بەهاکانی خۆشویستن و لێبوردن .. باسیشی کردووە وەکو بەهایەك کە لە قووڵایی ناخی مرۆڤەوە هەیە .. لێبودرن نێوان مرۆڤ و مرۆڤێکی تر ڕەنگدانەوەی سروشتیە لای ئەو کەسانەی وا دەزانن کە خودا لە گوناهیان خۆش بووە و بەزەیی پێیان هاتووە .. وە لە ئینجیل دا هاتووە : " ئەگەر لە هەڵەکانی خەڵك خۆش بن ئەوا باوکی ئاسمانیشتان لێتان خۆش دەبێت . ئەگەر لە هەڵەکانی خەڵك خۆش نەبن ئەوا باوکی ئاسمانیشتان لێتان خۆش نابێت " .



## لەم بارەیەوە پیاوێکی ئایینی مەسیحی دەڵێ :

بەداخەوە زۆر جار وا لە خۆمان دەکەین کە توندڕەوتر بین لەوەی لە خودا داوای دەکەین .. ئێمە دەمانەوێ خودا بەبەزەیی بێت . ئێمە دەمانەوێ خودا لەگەڵمان دا میهرەبان بێت .. کەچی ڕەفتاری خۆمان لەگەڵ مرۆڤی هاوشێوەمان .. نە بەزەییمان پێ دیتەوە نە میهرەبانین . ئەوەش هەمووی بەهۆی لووتبەرزی خۆمان و لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو مەسیحیەك تێناگەین کە ناتوانین پادشایەتی خودا بەدەست بهێنین ئەگەر باوکی ئاسمانیمان لەگوناهەکانمان خۆش نەبێت. ئێمە پادشایەتی خودامان دەوێ . بەڵام لێرە لەسەر زەوی .. چۆن ڕەفتار بکەم لەگەڵ ئەم مرۆڤە کە هەڵەی بەرامبەرم ئەنجام داوە ؟ بیخنکێنم ؟! کۆتبەندی بکەم ؟! دەستگیری بکەم ؟! تەنانەت ئەگەر هەڵەشی بەرامبەرم ئەنجام داوە.

* لە ئایینی ئیسلامیش .. چەند بابەتێکی داڕێژراوی زۆر هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای لێبوردن لە گۆشەدیدی ئیسلامیەوە .. بەڵام گرنگترین ئەو بابەتانە ئەوەیە کە پەیوەندی بە سروشت و شەریعەت و یاساکانی ئیسلامەوە هەیە .. چونکە ئێمە ناتوانین هەموو بابەتەکانی شەریعەت و یاساکانی ئیسلام بە هەموو ئاستەکانی تێبگەین دوور لە ڕاستیی لێبوردن کە هەموو بەها و یاساکانی ئیسلام لەئامێزی دەگرن .. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە : " وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللهُ لَكُمْ وَاللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ " ( سورەتی النور ئایەتی 22 ) واتا با لێبوردە بن و گوناهبەخش بن .. ئایا حەز ناکەن خودا لێتان ببورێت .. خوداش لێبوردە و میهرەبانە.





## پیاوێکی ئایینی ئیسلام دەڵێ :

ئەوە ئەرکێکە بەسەرمان دا کە ڕێز لە براکانمان بگرین تەنانەت ئەگەر لەسەر ئایینی ئێمەش نەبن چونکە ئەو هەر مرۆڤە .. بۆیە ئەرکی هەمووومانە ڕێز لە کەسانی تر بگرین .. ئەگەر ئەو کەسە لە هەر ئایینێك بێت.

ئەگەر هەر شتێکت هەبوو لای کەسێکی تر ( ناکۆکی یاخود بەڵگەیەك ) یان هەر شتێکی دیکە .. ئەوا دەبێ بڕۆیت بۆ لای و گفتوگۆی لەگەڵا بکەیت نەك هێرشی بکەیتە سەر .. یان غەیبەتی بکەیت یان تۆڵەی لێ بستێنیت .. دەبێ بۆ لای بڕۆیت و گفتوگۆی لەگەڵا بکەیت بە وتەی چاك وەکو ئەوەی خودای تەبارك و تەعالا داوامان لێ دەکات .. داوای وتە و ڕاسپاردەی چاکی کردووە نێوان ئێمە و خەڵك.

## هەروەها پیاوێکی ئاینی سابئی مەندائی دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێ :

خودا بەدیهێنەری مەزنە .. ئەو مەزنترین خۆشەویستە بۆ هەموو ئادەمیزادان بەبێ بەلاخستن .. خودا هەندێ خەڵکی خۆش ناوێ و هەندێکی تریش بەجێ بهێڵێت .. خودای زیندووی مەزن هەموو مرۆڤێکی خۆش دەوێ .. ئێمەی مەندائیش بەشێکین لەم ئادەمیزادانە و بەم خۆشەویستیەوە پابەندین .. چونکە خۆشەویستیی خودا لەنێو میشك و دڵی مرۆڤ دایە هەروەها لە لەنێو ڕەفتاری مرۆڤ دایە .. تەنها کاروباری پەرستن نیە بەڵکو هەڵسوکەوتە لەگەڵ خەڵك .. ڕاستە تۆ باوەڕت هەیە کە خودای تۆ خۆشەویستیە و ئەو خۆشویستنە لە ئایین و لە نویژەکانت دا هەیە .. بەڵام ئەوە نابێ تەنها نێوان خۆت و خۆدا بێت .. بەڵکو نێوان تۆ و هەموو ئادەمیزادێکیش بێت . ئەمەی خاڵی گرنگ.

کاتێ ئایین بانگەشە دەکات بۆ لێبوردن و خۆشەویستی .. دەبێ ئەو لێبوردن و خۆشەویستیە تەنها نێوان کەسانی یەك ئایین نەبێت .. بەڵکو لەگەڵ کەسانی تریش بێت کە لە ئایینی تر دان .. خاڵی لێبوردن و خۆشەویستی و تۆلەنەسەندن و بێ جیاوازی نێوان ئایینەکان.

* ئێستاش پرسیارەکە ئەوەیە : ئایا سنوورێك هەیە بۆ لێبوردن ؟


ئایا دەکرێ لێبوردە بین لەگەڵ ئەو کەسانە کە لێبوردە نین ؟

ئایا دەکرێ گونجاندن بکرێت نێوان هێزی بیروباوەڕی مرۆڤ و ڕۆحی لێبوردنی ئایینی ؟

## دەگەڕێینەوە لای پسپۆڕی دەروونناسی و کۆمەڵناسی کە دەڵێ :

لێبوردن واتای ئەوە نیە کە من چاکەم هەیە بەسەر ئەو کەسە کە لێی دەبورم .. چونکە یەکەم سوودمەند لە لێبوردن منم . لێنەبوردن ئەنجامی سلبی لێ دەکەویتەوە لای مرۆڤ وەکو : بێزاربوون .. نارەزایی .. تووڕەبوون .. بیری شڵەژاو .. پاشەکشێ .. پاشان بڕینی پەیوەندییەکان . هەروەها نەخۆشینی جەستەیی وەکو سەر ئێشە و شەقیقە و نەخۆشیەکانی گەدە بەپێی پزیشکی و دەروونناسی .

هەرچەند لێبوردن زەحمەتە کاتێ تووشی خراپەکاریەك دەبیت .. بەتایبەت لەسەرەتایەوە .. بەڵام بەردەوامبوون لە لێنەبوردن قورسایی دەخاتە سەر مرۆڤ .. ئەو قورساییەش کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان .. وەکو لایەنەکانی بیرکردنەوە و دەروونی و کردەیی و کۆمەڵایەتی .. هەروەها باوەڕیش.



## ڕای هەندێ کەس کە خاوەن ئەزموونی وەکو ئەم حاڵەتانەن دەربارەی ئەم بابتە :

هەروەها تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە بۆ لێبوردن .. کە وا دەزانین ئەگەر لە کەسێك ببورین ئەوا دەبێ پەیوەندیمان لەگەڵی بگەڕێنینەوە .. وەکو ئەوە بێ کە ڕێگە بدەم بەو کەسەی دەستدرێژی کردۆتە سەرم دووبارە دەستدرێژی بکات . بەڵام لەڕاستیدا .. لێبوردن واتای ئەوە نیە من دەبێ پەیوەندیم بگەڕێنمەوە لەگەڵ لایەنی دیکە .. بەڵام دەبێ کینەم بەرامبەری نەبێت. هەروەها دانانی سنوورێك لە پەیوەندیم لەگەڵی .. بەشێوەیەك بواری پی نەدەم جارێکی دی دەستدرێژیم بەسەر بکات.

لێبوردن فەرمانێکی خودابیە .. ناتوانین زیادەڕۆیی بەسەری بکەین یان بیانووی بۆ بدۆزینەوە . بەڵام ئەگەر بە باشی لێی تێبگەین ئەوا کارەکەمان بۆ ئاسان دەبێتەوە پاشان بە قووڵایی سوودی بۆمان دەبێت.

* بنەڕەتی پەیوەندی گۆمەڵایەتی و مرۆیی .. دەبێ پەیوەندییەکان لەسەر خۆشەویستی و سۆز و پێکەوەژیان بنیات بنرێت .. تەنانەت ئەگەر بیرۆکەکان جیاوزیش بن .. بەڵکو خودی ئەو جیاوازیە وا دەکات پابەندبوون بەم بەها و بنەمایانە گرنگ بێت. ئەمڕۆ یەکبوونی کۆمەڵایەتی و نیشتمانێتی ئێمە .. پێویستی بە چاندنی بەها و پێداویستیەکانی لێبوردن هەیە لە ئاسمانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی ئێمە .. هەروەها لە پێداویستیەکانی بەرنگاربوونەوە گەورەکان کە ڕووبەڕووی ئێمە دەبن ئەوەیە کە دەبێ بەهاکانی گفتوگۆ و لێبودرن و خۆشویستن و تەبایی بڵاو بکرێتەوە نێوان ڕۆڵەکانی نیشتمان.

## پیاوێکی ئایینی ئیسلام ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ :

هەگیز تۆڵەسەندن و دەستدرێژکردن و کوشتن لە ئیسلامدا نیە . خودای تەبارەك و تەعالا لە ئایەتێك دەفەرمووێ : " مَن قَتَلَ نَفساً بِغَيرِ نَفسٍ مُتَعَمَّداً فَجَزاءهُ جَهَنَّمَ خالِدينَ فيها أبَدا " . واتە ئەوە کەسەی بە قەستی نەفسێکی بێ تاوان بکوژێت ئەوا سزای دۆزەخە تا هەتایە تیایدا بە نەمری دەمێنێتەوە.
جا چۆن ئێمە و خەڵك بڕوانینە ئەم کوشتار و خراپەکاریانە کە ئەمڕۆ دەیبینین .. وە هەندێکیان بەداخەوە خۆیان بە موسڵمان دەزانن و لەسەر ئیسلام ژمێردراون .. کەچی هیچ پەیوەندیەکان نیە نە بە ئایین و نە بە ئیسلام و نە بە قورئان .. ئەوانە خودای تەبارەك و تەعالا لە خۆیان و لە کردەوەکانیان تەبەڕایە.



## هەروەها پیاوێکی ئایینی سابئی مەندائی دووپاتی دەکاتەوە :

دەبێ خەڵکمان خۆش بوێ .. خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودی مرۆڤ .. بەدەر لە عەقیدەتی .. ئەگەر لەگەڵ من بێت یان پێچەوانەی من بێت .. کاتێ خاڵی هاوبەشی ڕوون هەبێت و هەمووان لەسەری کۆك بن و بەو خاڵانەوە بانگهێشت بڵاو بکەنەوە .. وە تەنها خاڵ و وشەی سەر کاغەز نەبێت و تەواو بێت .. بەڵکو دەبێ وەریبگێڕین لەڕێگەی وتاری ئاینی و دیدارە ئایینیەکان لە نێو پەرستگاکانمان تەنانەت لە نێو ماڵەکانیشمان .. وە کاتێ دەڵێین ئەم دراوسێمە مەسیحیە .. ئەم دراوسێمە موسڵمانە .. ئەم دراوسێمە مەندائیە .. دەبێ منداڵەکانمان فێر بکەین کە ئەم دراوسێی منە خودا دەپەرستێت و ڕێوڕەسمی خۆی هەیە و دەبێ ڕێزی خۆی و ڕێزی ئایینەکەی بگرم . ڕێزگرتنی ئایین و ڕێزگرتنی عەقیدەی خەڵك ئەرکێکی زۆر گرنگە .

* دەوڵەت چۆن بتوانێ لێبوردە بێت و بەهاکانی لێبوردن نێوان هاوڵاتیان بچێنێ ؟

## لێکۆڵەرەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئامۆژگاریمان دەکات و دەڵێ :

پێویستیمان بەوە هەیە (دەستبژار بکەین) لێبوردە بین هەرچەند ڕووبەڕووی سووکایەتی یان دەمەقاڵێ بین .. پێویستیمان بەوەیە لەنێو دڵمان بوارێك بۆ لێبوردن هەبێت .. چونکە لێبوردن ڕێگای ژیانە بۆ ئێمە . هێزی لێبوردن لە خوداوە دەبەین و بە دەستبژاری خۆمانە .. چونکە سروشتی ئادەمیزاد مەیلی تۆڵەسەندنی هەیە . بۆیە ئایینە ئاسمانییەکان ڕۆڵیان هەیە و بانگهێشتمان دەکەن بۆ ئەوی بەرز ببینەوە لەسەر تۆڵەسەندن .. بەڵام دەستبژارکردن بەرپرسیارێتی مرۆڤە .. ئایا بەردەوام دەبێت لە تۆڵەسەندن ؟ یان بوارێك لە نێو دڵی خۆی بکاتەوە بۆ لێبوردن ؟

پێویستیمان بەوە هەیە بزانین تا چ ڕادەیەك خودا لە گوناهەکانی ئێمەی بەخشیوە .. چەندین جار .. چەند سەد جار لەگوناهەکانی ئێمە خۆش بووە ؟ لەسەر ئەم بناغەیە دەستبژاری لێبوردن دەکەین بەرامبەر برای ئادەمیزاد .. ئایا خۆمان لە خودا بەرزتر بزانین ؟

لەوەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زانست و باوەڕ تەبان لەسەر لێبوردن چونکە بۆ بەرژەوەندی تاکە پاشان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا . بۆیە لێبوردن ئامڕازێکە بەڵکو دەرفەتێکە بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکان .. سوودبەخشیشە هەرچەند گرانە .



## لەکۆتاییدا دەڵێین :

ئەگەر تاوانبار داوای لێبوردنی نەکرد یان ئەگەر داوای لێبوردنی کرد و تاوانەکەی نەبەخشرا .. ئەوا تۆڵەسەندن کاردانەوەیە.

ڕەنگە تۆڵەسەندن دڵخۆشی بهێنێت .. بەڵام ئەو دڵخۆشیە بەردەوام نابێت .. هەمیشە دەرئەنجامەکەی سەخت دەبێت.

هەستکردن بە ڕەزامەندی دەرئەنجامی تۆڵەسەندن ڕەتکراوەیە چونکە لەسەر ئازاردانی کەسێکی ترە.

حەزی تۆڵەسەندن خودی خۆت نابووت دەکات و دەتکاتە کەسێکی شەڕانگێز وەکو ئەو کەسە کە تۆی ئازار داوە.

خراپە هەمیشە لە کۆتایی دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسە کە ئەنجامی داوە.

تۆڵەسەندن دەتگەیێنێتە ڕوخاندن و داڕووخانی ژیانت.

بەڵام کەسی لێبوردە ئاگری جەنگ دەکوژێنێتەوە کە دژی داگیرساوە بە لێبوردن و ئاشتیخوازی خۆی .. ئەوە مرۆڤێکی ئاسوودەیە.

ئەو کەسێکی دەستدرێژکەر نیە .. ئەگەر بیەوێ دەکات .. بەڵام هەڵگردی ئاشتی و ئاسوودەییە بۆ خەڵك.

ئەو نایەوێ نەوت بکاتە سەر ئاگرەوە ..

ئەو ئاگرکوژێنەوەیە هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگر دەدات.



## با فێری ئەم چیرۆکە بین کە بیاوێکی ئایینی مەسیحی دەیگێڕێتەوە:

حەزرەتی مەسیح چیرۆکێك باس دەکات دەربارەی پادشایەك ویستی لێپرسینەوەی کۆیلەکانی بکات .. کۆیلەیەکی قەرزاریان هێنایە لای کە دەهەزار قەرزاری پادشا بوو .. داوای لێ کرد قەرزەکانی بداتەوە .. کۆیلەکە هاواری کرد و گریا و بە پادشای وت : " لەسەرم ڕاوەستە هەمووی دەدەمەوە " بەڵام پادشا دەیزانی کە ئەگەر هەرچەند لەسەری ڕاوەستێت ئەو ناتوانێ هیچ بداتەوە.

دەڵێ پادشا لە هەموو قەرزەکانی خۆش بوو و ئازادی کرد .. کۆیلەکە لە حزووری پادشا بەدڵخۆشییەوە دەرچوو چونکە پادشا لە هەموو قەرزەکانی خۆش بوو .. لەلای دەرگا کۆیلەیەکی هاوشێوەی خۆیی بینی.. ئەو کۆیلەیە کە لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو دە بەشە قەرزاری کۆیلە لێبەخشراوەکە بوو.

کاتێ کۆیلەکە ئەو کۆیلەیە بینی .. ملی گرت و پێی وت : " قەرزەکەت بدەرەوە " ئەوەیش وتی : " لەسەرم ڕاوەستە هەمووی دەدەمەوە " کۆیلە لێبەخشراوەکە ڕازی نەبوو لە کۆیلەکەی هاوشێوەی خۆی ببورێت .. گرتی و خستیە نێو زیندانەوە.

هەواڵ گەیشتە پادشا .. ئەوەیش ناردیە شوێنی کۆیلە لێبەخشراوەکە و پێی وت : " لە هەموو ئەو قەرزەی تۆ خۆش بووم .. نەدەبوو تۆش لە قەرزی ئەو کۆیلەی هاوشێوەی خۆتە خۆش بێت ؟ کەچی من پادشام و لێت خۆش بووم .. فەرمانی دا بە کۆیلەکانی خۆی دەست و پێی کۆت بکەن و بیدەنە دەستی جەلادەکان.

واتای ئەم پەندە ئەوەیە کە خودا لێم دەبورێت و داواشم لێ دەکات منیش لە خەڵك ببورم.

باشە .. ئایا پێت وایە تۆ هەڵەت بەرامبەر کەس نەکردووە ؟ یان کەست بریندار نەکردووە ؟ یان لە ژیانت ئازاری کەسێکت نەداوە بە قسەکردن یان کردەوە ؟

هەمیشە چاوەڕێ دەکەیت خەڵك لەگەڵت لێبوردە بن .. کەواتە تۆش لێبوردە بە.

ئەمڕۆ ئێمە لەم دۆخە دژوارەداین .. بە ئازارەکانمان .. بە واقعی سەختمان .. پێویستیمان بەوە هەیە کە لێبوردنمان دەربخەین .. کۆتەکانی کەسانی بەرامبەرمان بکەینەوە .. تاکو بتوانین داوا لە خوای گەورە بکەین وەڵامی نزا و پاڕانەوەکانمان بداتەوە.

لەخەڵك ببورە.





# کامیان بەهێزترە...
# لێبوردن یان تۆڵەسەندن...؟

بۆ زیانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە

کورك 3737 بەخۆڕایی

آسیاسیل 07705105757

www.musamaha.com

للمزید من المعلومات الإتصال بـ

كورك 3636 مجاني

آسياسيل 07705105757